## بۆ پاڵپشتی عەلی سیاسی ... شوان کەرکوکی



من هەر ئەوەندە کاک عەلی سیاسی دەناسم کە ئەو کاتە لە کۆمەڵگە زۆرە ملیکەی دارە تووەوە بە کۆمەڵیك نامەی یەکجار زۆرەوە بەرەو رادیوی ئازادی دەهات کە جاری وا هەبوو بە پیی قسەی خۆی و کاک چالاك و کاک زیادی رادیوی ئازادی لە دوو هەزار نامە تێپەری دەکرد لە دوو هەفتەیکدا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەو راستییە دەسەلمێنی کە ئەو کابرایە ریبازێکی راستی هەلبژاردبوو لە دیفاع کردن لە مافی هەژاراندا دەنا دوو هەزار نامە لە دوو هەفتەدا ئەگەر پالپشتیکی بەهێزی لە پشتەوە نەبێت کەس ناتوانیت سەرنجی ئەو هەموو گویگرە رابکیشیت. لەگەل ئەو دوو هەزار نامەیە دوو هەزار پەلەی قوراوەی بەو پانتولە رەشە کۆنەی کە لەبەریدا بوو هەبوو هەموو قوری دارە تووی دەشیلا کە ئەمەش سەربەرزی بوو نەك هەر بۆ ئەو بەلکو بۆ هەموو ئێمەو ئەوانەی وەکو ئێمە کە ئاوارەی دەستی رژێمی‌ك بووین کە هەولی سرینەوەی ئاسەواری ئیمەی دەدا ئیستا ئەوانەی کە تانە و تەشەر لەو دەگرن با هەول بدەن چارەکی ئەو بکەن ئەوسا قسە بکەن هەموو کەس دەتوانیت لە بەردەم کۆمپیوتەرەکەیەوە دابنیشیت و قسە بەم و بەو بلێت بەلام ئایا دەتوانیت تەنها کاریکی بچوك بکات کە ئەرکی سەر شانی یەك تاکە هەژاری ئەم وولاتە سووك بکات

من هەر ئەوەندەم هەیە بیلێم راستە لە کۆندا ووتراوە ئەگەر قسە کردن لە زیوە ئەوە بیدەنگی لە زێرە